## هونەرمەند زەكەریا و نوسینەكەی بەڕێز عومەر فارس.... ... هۆگر محەمەد

لە 2006/4/25 بەڕێز عومەر فارس نوسراوێكی بە ناوی (حەزرەتی زەكەریا) بڵاو كردەوە، جێی سەرسوڕمانی من و زۆر لە هونەرمەندان و هونەر دۆستانی تر بوو، دوای ئەو نوسراوە چەندەها كاردانەوەی تری لە سەر نوسرا، هەندێكیان لە بەڕێز عومەر فارس توڕەن و هەندێكیشیان (شەلم كوێرم ناپارێزم) دەنگییان خستووەتە پاڵ بابەتەكە، یا دڵگرانن لە شێوەی دەربڕینی بابەتەكە، كە لە لایەن بەڕێز عومەرەوە نوسراوە، كە بەم شێوەیە كۆتایی بە بابەتەكەی دەهێنێ (تف لە دەسەڵات تف لە ئازادی تف لە هونەر، تف لە فیدراڵی و تف لەسەربەخۆیی، تف لە خۆم و تف لە ئێوەش گەر لەسەر ئەم ناعەدالەتیانە دەنگ هەڵنەبرین.... عومەر فارس عەزیز بەرپرسی كوردستان نێت) .

لەو نوسراوەدا نوسەر، هونەرمەند زەكەریا و دەسەڵاتی كوردی (سلێمانی) تۆمەتباردەكات بە ناعەدالەتی و تەنانەت تف لە هونەریش دەكات.

ئەوەی كە دیارە ئەو بەڕێزە (عومەر فارس) تا ئێستا خزمەتێكی گەورەی میدیای كوردی كردووە و ماڵپەڕەكەی كە یەكێكە لە كۆنترین ماڵپەڕەكان و بێلایەنی خۆی پاراستووە و تا توانیویەتی ماڵپەڕەكەی لە بوختان و جنێو و سوكایەتی كردن بە تاك و لایەنەكان پاڵاوتووە، سەرەڕای ئەوەش بەڕێوەبەری ئەو ماڵپەڕە ڕابردوویەكی پاك و بێگەردی هەیە و لە وڵاتپارێزیشدا درێغی نەكردووە ئەوە جێگەی ڕێزە و شایستەی لە بەرچاو گرتنە.

بەڵام لە هەمان كاتیشدا جێگەی داخە، لەو هەموو گەندەڵییەی كە لە كوردستانی باشوور هەیە، هونەرمەندانی كردووە بە ئامانج. چەندەها چین و توێژ بە شێوەیەكی ناشەرعی دەوڵەمەند بوون لە كوردستان، كە نەك خزمەتی كوردیان نەكردووە بەڵكوو ڕابردوویەكی ڕەش و پیسیان هەبووە، لە سەردەمی شۆڕش و ڕۆژانی نەهامەتی و لێقەوماندا.

دیارە كە دەرهێنانی سیدییەك 25 – 30 هەزار دۆلاری تێ دەچێت و دەسەڵاتی كوردی تا ئێستا نەیتوانیوە مافی هونەرمەندان بپارێزێت و لە هەر بازێڕێكی كوردستاندا بە دەیەها تۆمارگا هەیە و بازرگانی بە ڕەنجی هونەرمەندەوە دەكەن.

كەڵە هونەرمەندی كورد كاك ناسری ڕەزازی تا ئێستاش زەرەر دەكات لە وەبەرهەم هێنانی سیدیەكدا، ئەمەی لە چەند بۆنەدا دوبارە كردووەتەوە، كە ناتوانێت بە بەردەوامی سیدی وەبەرهەم بێنێت، چونكە كۆپیرایت نییە و مافی هونەرمەندان لە كوردستان نەپارێزراوە!!!.

ئەوە زیندە بەچاڵكردنی هونەری مۆزیكی كوردی نییە؟؟.

لە هەمان كاتدا هونەرمەندێكی عەرەب یا تورك دەتوانێت بە وەبەرهەم هێنانی یەك سیدی بژێوی ژیانی خۆی تا مردن مسۆگەر بكات.

تا ئێستا هونەرمەندانی كورد بە داخەوە ناتوانن ژیانی خۆیات بۆ هونەر تەرخان بكەن، دەبێت ڕۆژانە هەر یەكێكیان 8 كاتژمێر كار بكەن بۆ ئەوەی بتوانن بژیین، ئەوە نموونەی هونەرمەند كاك عەدنان كەریم، كە كارە سەرەكییەكەی ماموەستاییە و نەمر مەرزییە فەریقیش هەر وا بوو. گەر كار نەكەن ناتوانن بە هونەر بژین.

ناموێت لە بابەتەكە لابدەم، نوسەر بە دوو خاڵ توڕەیە و وەكوو شیر هەڵچووە و خۆی تووشی بێ ئومێدی و سەرلێشێوان كردووە.

1- گوایە هونەرمەند زەكەریا 29 دۆنەم ئەرزەی وەرگرتووە و شوقەی لە سەر درووست كردووە.

2- لە بەهەشتی شار ئەرزەیەكی تری وەرگرتووە كە ڕوبەرەكەی 1645. 40 مەتر دوجایە.

لە مەڕ خاڵی یەکەمیانەوە، بۆ 29 دۆنەمەکە، دەخوازم بۆ نوسەر و خوێنەرانی ئەم ماڵپەڕەی روون بکەمەوە، کە ئێستا دەسەڵاتی کوردی پاڵپشتی سەرمایە دەکات و بە گوێرەی پلانی ئابوریان و گەشە کردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان و گەشت و گوزار و گرفتی نیشتەجێ بوون. نەک هونەرمەند زەکەریا هەر کەسێک یا کۆمپانیایەکی بیانی یا خۆماڵی ئەرزی بە خۆڕایی پێ دەدرێت و چەندەها خاڵی ئەرێنی تریشیان هەیە بۆ ئەو مەبەستە، کە ئێستا پێویست بە باسکردن ناکات بۆ ئەم بابەتە و ئەو نوسینەی (حەزرەتی زەکەریا) .

بە دڵنیاییەوە بە بەڕێز عومەر فارس ڕادەگەیەنم هەر ئەو کەسەی کە ئەو زانیاری و ژمارانەی پێ داوی دەزانێت، کە ئەو شتە تەنها بۆ هونەرمەند زەکەریا نییە و ئەوە بۆ هەر سەرمایەدارێکە کە بیەوێت، سەرمایەکەی لە سلێمانی بە کاربهێنێت.

لە هەموو جیهاندا هونەرمەندان پشتگیری دەکرێن و یارمەتی دەدرێن بۆ بەرەو پێشەوە چونی هونەر، چونکە پێشخستنی هونەر بە مانای پێشخستنی کۆمەڵگا دێت.

ئەوە کارێکی نامۆ نییە گەر کاک مەسعود پێشوازی لە هونەرمەندێک بکات، ئوم کەلسوم لە لایەن زۆربەی سەرۆک و ئەمیر و پاشا عەرەبەکانەوە پێشوازی لێ دەکرا.

کاتێک کە جەمال عەبدول ناسر دەبوایە خیتابێکی لە ڕادیۆی میسر بڵاو بکردایەتەوە، بە ڕێکەوت هەمان ئێوارە هونەرمەند ئوم کەلسوم کۆنسێرتی هەبوو. جەمال عەبدول ناسر خیتابەکەی خۆی دوا خست، چونکە دەیزانی خەڵکی گوێ لە هونەرمەند ئوم کەلسوم دەگرن.

بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان دەڵێت گۆرانیەکانی هونەرمەند (ئارام تیگران) کاریگەری گەورەی لە سەرم هەبوو، کە شۆڕش بەرپا بکەم.

لە ئەورووپاش هونەرمەندان بە کردنەوەی ستۆدیۆ و یارمەتی دانی ماڵی یارمەتی دەدرێن و بەسەر دەکرێنەوە.

مامۆستا حەسەن زیرەک پارەی نەخۆشخانەی نەبوو کاتێک کە لە گیاندا بوو لە تاران، هیچی لە دوای خۆی بە جێ نەهێشت و بە کولە مەرگی ژیانی بردە سەر.

باسی دەست کورتی نەمر مامۆستا حەسەن جزیری هەر ناکرێت (هیوادارم ڕاست نەبێت) بەڵام دەگێڕنەوە کە گوایە لە بەغدا سواڵی کردووە پێش مردنی.

نموونەی وەکوو دەروێش عەبدوڵامان زۆرە کە بە دەف لێدان و گۆرانی گوتن ویستویەتی بژێوی خۆی دەربکات. ئەو دەمە مامۆستا گۆرانی شاعیر هەستی بەو کەمایەسییە کردووە و ئەو شاکارەی بۆ نوسیوە کە هەر مەگەر مامۆستا گۆران تێ بگات لە هەستی هونەرمەندان و نەهامەتی هونەرمەندان.

لە هەموو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا هونەرمەندان ملیۆنێرن و لە کوردستان و سۆماڵ و ئەفغانستانیش، یان سواڵ دەکەن یان لە دەردی نەهامەتی و دەست کورتیدان.

با ڕێز لە هونەرەکەمان بگرین، با ڕێز لە هونەرمەندانمان بگرین و توشی سارد بونەوە و دوودڵیان نەکەین، هونەرمەندانمان نوخبەیەکی زۆر کەمن و بە پشتگیری کردنیان و هاندانیان کوردستان هەژار نابێت.

گەر کۆپی ڕایت بپارێزرێت دڵنیام لەوەی هونەرمەندان پێویستیان بە یارمەتی دەسەڵاتی کوردی نابێت و بە ڕەنجی هونەری خۆیان باری گوزەرانیان باش دەبێت. بە بۆچوونی من هەر ڕۆنی خۆیانە و لە سمێڵی خۆیانی دەدەن.

گەر ڕەخنەمان هەبێت لە دابەشکردنی بەروبۆمی کوردستان، دەرگاو پەنجەرەی تر زۆرە کە بیکوتین و خۆمانیان لێ تورە بکەین.